سیاست و یەکەمی کولیچە … زگار عومەر

٤١٠ ساڵ پێش لە دایك بوونی مەسیح، یوروبیدس لە شانۆگەری ئەریست دا دەڵێت :
"کاتێك کەسێکی ناخ ئەهریمەنیی بە قسەی هەنگوینی حەشامەت لە خشتە دەبات ئەو کاتە کارەساتی گەورە توشی دەوڵەت دەبێ "
قسەی هەنگوینی کە یوروبیس تایتڵی دەکا ئاماژەیەکی سیاسی و کلتوریە بە کاراکتەرە باوەکانی سیاست بە تایبەتی لە چینی دەسەڵاتدار، لە کوردستان ڕەنگە کەمێك جیاوازی هەبێت لە ڕووی بڕاغتدا لەگەڵ قسەکەرانی یونانی کۆن، بەڵام ڕەگەزی "موژدە" ی ناراست کەیان دەکاتەوە.
لە تازەترین نوسینیدا کاك مەریوان وریا قانیع دەیەوێ موژدەیەکی سیاسی بخاتە ڕوو کە بە هاوبەشی لەگەڵ کاك ئاراس فەتاح ناویان لێناوە (بلەکی مژوویی).

مەریوان بە خوێندەرانی کورد دەڵێت ((بیرکەی ئەم بلەکە ئەوەیە هەموو ئەو هەزانەی کە ڕاستەوخۆ، وەك یەکێتی و پارتی، بەشدارنین لە دروستکردنی ئەو زەنگاوە سیاسییەدا و خودی زەنگاوەکەش پەروەزی خستون و زیانی پێگەیاندون، لەسەر بەرنامەیەکی نیشتیمانی گشتیی کەبنەوە بە ڕەگەگرتن لە درێژدان بەو مەدلە سیاسیەی تا ئێستا سەروەرکراوە))

ئەم پەرەگرافە هەڵگری زەر شتە لە دەروونی خۆیدا. لە ڕووی زمانەوە سیاغەیەکی زەرلاوازی بە کراوە بە چاوپۆشین لە ئەلتەرناتیڤە پێشنیارکراوەکە. ئەو هەندە هەزی ئیزکردووە کە گوایە (ڕاستەوخۆ) بەشدار نین لە دروستکردنی ئەو زەنگاوە سیاسیە. یانی ئێستا ئەمە دوو پەلمان هەیە لە هەزی سیاسی لە کوردستان کە هەندێکیان (ڕاستەوخۆ) هەندێکیان (ناڕاستەخۆ) بەشداران لە دروست کردنی ئەم زەنگاوە سیاسیە. بە پێی ئەم پەلینکاریە ئەوانەی ناڕاستەوخۆ بەشداریان کردیە هەشتا بیان هەیە درێژە بە عومری سیاسی خیان بدەن وشوێنی یەکێتی وپارتی بگرنەوە.

ئەم پلاتفۆرمەی کاك مەریوان هاوڕەانی و دروست کردنی " ڕەی " نوێیە لە هەمان هەویرە کنەکە. ئەوانەی سەیری بەرنامەکانی دروست کردنی خواردن دەکەن ، یان هاتوچۆی مەتبەخی دوکانەکانی شیرینیان

کردبێ ، بینیویانێ قالبی جێراوجێر هەیە بۆ دروست کردنی کولیچەی خۆ، ئەستێرەیی ، بۆ خورما بۆ گوڵز هتد. ئەم پلاتفۆرمە سیاسیە گەینی قالبەکەیە نەك هەویرەکە. ئەوە یەکەم جارو دوا جار نابێ کە ئەم پەلە لە ڕەشنبیر ببنە تەباغ لە مێتبەخی سیاسی کوردی ، نزیکەی ٩ ساڵەك لەمەوبەر، هەر ئەم بەڕێزانە (مەریوان وریا قانیع، ئاراس فەتاح ، ڕەبین هەردی، بەختیار عەلی) لەسەرو بەندی دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕاندا هەمان موژدەیان دەدا سەبارەت بە هەڵەك کە دەتوانی دەخی سیاسی بگۆڕێت. بەوانە نامیلکەی –نیگایەك بۆ ئەستاو خۆنەك بۆ سبەی- .

ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستان دەریخست کە یەکێتی وپارتی بۆ هەڵبژاردن ناڕۆن. لە بەر ئەوە قسەیەکی هەنگوینی زەر چروکە کە موژدەی ئەوە بدەی کە بەشەك لەو هەزانەی کە پەك هەنەرو برا بەش و مفتەخۆری دروست بوونی ئەم دەخەن وەکو فریاد ڕەس بۆ هاوڕاتیانی بناسنی . دوای مردنی -نەوشیروان مستەفا –ڕەکخەری گشتی پێشووی بزوتنەوەی گۆڕان ، دروست بوونی دۆیان پرسیار ی بۆ وەڵام لەسەر جێ و شوێنی ئەم بزوتنەوەیەو درز تەکەوتن و کوتلەکاری لە نێو بزوتنەوەکە، ئەم گروپە لە ڕەشنبیر هەست بە پەروازێز کەوتنی خۆیان دەکەن لە ڕووی شیفت بوون لە پشتەوەی پەژڕەی گۆڕان .

هەست دەکەن دەبێ مێتبەخەکە گەورەتر بکەن، بۆ ئەوان گرنگ نییە قالبە کولیچە تازەکە چ هەزەکی موحافیزەکارو دژە پێشکەوتنی تێدایە، گرنگ نیە کام سەرمایەداری سیاسی ماسکی سیاسی خۆی گۆڕیوە، گرنگ ئەوەیە ئەم گروپە لە " شیفت " عەقدی خۆیان لە گەڵ هەزێتر تازە بکەنەوە، درێژە بە ئیمتیازاتەکانی خۆیان بدەن.